# ( خۆشەوی عەزیز ) ی هونەرمەند :

# گۆرانی بۆ ئەو کەسانە دەڵێم کە بە دوای شتە جوان و ناسکەکاندا وێڵن



( حەبیب عەزیز خدر) ناسراو بە( خۆشەوی عەزیز ) ساڵی١٩٧٢ لە هەولێری پایتەخت چاوی بۆ ژیان هەڵهێناوە ، بۆ نزیك بوونەوە لە بواری هونەر ، سەرەتا لە ساڵی ١٩٩٠ خۆی ئاوێزانی بواری شانۆ کردوە لەم لایەنەوە وەکو ئەکتەر رۆڵی گرنگی بینیوە لە چەندین بەرهەمی شانۆیی بەشداری کردووە ، پاشان هەست بە خۆی دەکات کە بەهرەی گۆرانی وتنی هەیەو دەتوانێ لەم بوارەدا ئەسپی خۆی تاودا ، بۆیە لەساڵی ١٩٩٥ ز بڕیار دەدات شانبەشانی هونەری شانۆ گۆرانیش بڵێت لەو ماوەیەشدا سیدییەکی بلاوکردۆتەوە شەش گۆرانیشی کلیپ کردوە دوو سروودیشی تۆمارکردووە ، لە دیمانەیەکی کورتدا ئەم چەند پرسیارەمان ئاراستە کرد :

***خۆشەوی بۆ گۆرانی دەڵێت؟**

– گۆرانی ئەو پەیامە روحیەتە کە زۆر جار کۆمان دەکاتەوە بۆ یەکبوونی شتە جوانەکان ، بە واتایەکی تر گۆرانی بۆ ئەو کەسان دەڵێم کە بەردەوام بە دوای شتە جوان و ناسکەکاندا وێڵن ، هەروەها پەیامێکی روحی خۆمە، بۆ هەموو گوێگران و هەواداری دەنگی خۆم دەنێرم .

***پێت وایە گۆرانی کێشەکانی ژیان چارەسەر بکات ؟**

– بەڵێ گۆرانی بۆتە پەیامێکی راستەقینە لە نێوان خودی گۆرانی بێژو جەماوەر ، زۆر جار گۆرانی بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو دڵە ناسکانەی کەوا لەیەکتر دوورن ، لێکیان نزیك بکاتەوە ، هەروەها لەبارەی گۆرانی سیاسی یان سرودی نیشتیمانی نەتەوەیی، ئاشکرایە ئەم هونەرە رۆڵی کارای بینیوە و بۆ کێشەیەك گوتراوە، کە کێشەی رەوای میللەتێکە، هەربۆیە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین سروود و گۆرانیی نیشتمانییەکان لەکوردستاندا توانیان ئامانجەکان بپێکن و کێشەی نەتەوەییمان بخەنە بەردەم رووی چارەسەر کردن .

*** لەگەڵ چ جۆرە ئاوازێك هەڵدەکەی ؟**

–بەپێی بیرکردنەوە و ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژیم ، من زیاتر لە ئاوازی ریتمە خاوەکان نزیکم ، ئەزموونی پێشتریشم هەر لەسەر ئەم رێچکەیە رۆیشتووە، هەڵبژاردنی ئەم ریتمە خاوە زیاتر لە کەسایەتی خۆمەوە سەرچاوەی گرتووە.

***رەگەزەکانی گۆرانی سەرکەوتوو چین ؟**

–بەبۆچوونی من دەقێکی باش و ئاوازو مۆسقایەکی ناسك و گووتنێکی شیاو هەروەها کلیپ کردنیش رەگەزەکانی گۆرانی سەرکەوتوو پێك دێنن .

---

# مەخموور و ئاڵای بەعس



**خەلیل پاڵاذی**

تا ئەو دوو ساڵەی (cpa) ئەمریکییەکان لەمەخموور فەرمانڕەوایەتی ئەو دەڤەرەیان دەکرد، رێگایان نەدەدا ئاڵای کوردستان بەتەنیا لەسەر دام و دەزگا حکومییەکان و بارەگای حیزبەکان هەڵبکرێت، دەبوا لەتەکیدا بە خۆشی بێت یا بەترشی ئاڵای بەعسیان هەڵکردایە، ئەگینا دەبوا ئاڵای کوردستان بێننە خوارەوە، خۆ هەندێك لە لایەنەکان خۆیان بەر لەوەش هەڵیانکردبوو، لەدانیشتنەکانیشیاندا لەگەڵ جەماوەر ئەم کارەیان بەشتێکی ئاسایی هەژمار دەکرد .

دوای زیاتر لە هەفتەیەك لە هەرەشەی ئەمریکییەکان، تەنیا یەك دوو لایەنی سیاسی ئاڵای بەعسیان هەڵنەکرد،و بۆ ئەمەش ئاڵای کوردستانیان بە شێوەیەکی کاتی لەسەر بارەگاکانیان دابەزاندو دواتر هەڵکرایەوە .

ئەوەی کە دەمەوێ باسی بکەم و زۆر پێم شتێکی سەیرو سەر سوڕهێنەر بوو.!، بینینی ئاڵای بەعس بوو لەسەر تەلاری ناحیەی گوێڕ.!، پێی ناوێ باسی هەموو ئەو نەهامەتی و کوشتن و بڕین و زۆرداریيانەتان بۆ بکەم، کە لەژێر ئەم ئاڵایەوە دەرهەق بە نەتەوەکەمان کراوە، لەبەرئەوەی هەر تاکێکی کۆمەڵ، لە هەر شوێنێکی باشووری کوردستاندا بوو بێت، پشکێکی لەو زۆرداریيانە بەر کەوتووە .

ئاخر سەرۆکی کوردستان هەڵکردنی ئەو ئاڵایەی رەتکردۆتەوەو لە مەخموورو قەراج و کەندێناوەش بە پێی ئەم بڕیارەی سەرۆك، ئاڵای بەعسیان هەڵنادرێت، پێم ناڵێن ئەو ئاڵایە سێ ئەستێرە نەگریسە چیە وازی لێ ناهێنن، بەخوا ئەگەر بۆ دڵدانەوەی کۆنە بەعسیەکان و عەرەبە رەگەز پەرستەکان نەبێت، بڕوا ناکەم کەسی تر، پێی خۆشبێ ئەم ئاڵایە هەڵبکرێ .

لەدوماهیدا بە هەموو ئەو کەسانە دەڵێم کە نیازیان هەیە بچنە گوێڕ، تکایە بەر لە چوونتان موراجەعەی لەبەرکردنی سروودی (وەتەنولمەدا) بکەن عەلەل ئوفوقی گوێڕ دانراوە،لە بەر ئەوەی ئەی رەقیب ئاڵاکەی لە سەر تەلاری ناحیەکە هەرماوە، بە نیازیش نیە دابیەزێنێ دانەری تۆپی زەمەن.

---

# کەنگر دەرمانە بۆ چەندین نەخۆشی



کەنگر یەکێکە لەو گیا خۆرسکانەی لە دەشت و دەردا دەروێت و لەگەڵ ئەوەی خواردنێکی خۆشی بەهارانەو خەڵك بە جۆرەها شێواز بۆ خواردن ئامادەی دەکەن، لە هەمان کاتدا دەرمانێکی کاریگەر و باشیشە بۆ چارە سەرکردنی زۆرێك لە نەخۆشییەکان. لێرەدا شێوازی بەکارهێنانی بۆ چارەسەر کردنی چەندین نەخۆشی دەخەینە روو لەگەڵ هیوای سوود وەرگرتن و تەندروستییەکی باش:

کەنگر هەڵگری زۆرێك لە ڤیتامینەکانی وەك (A.B.B١.C)ە، کە بۆ چارەسەری ئەم نەخۆشییانە بەکار دەهێنرێ بەم شێوەی خوارەوە:

* بەماوەی (١٢) رۆژ هەموو رۆژێك (١٥–٤٠) گرام گەڵای تازەی کەنگر لە نێو لیترێك ئاودا بکولێندرێت و کاتژمێرێك بەر لە نانی نیوەرۆ پەرداغێکی لێبخۆیتەوە زەردوویی چارە سەر دەکات و بۆ لەناو بردنی کۆکە رەشەو چارە سەر کردنی رۆماتیزم سوود بەخشە.

* هەموو رۆژێك بۆ چەند جارێك بکولێندرێت و سەر بەسەر هەڵمەکەیدا بگیرێت (ئالو)ەکان چارەسەر دەکات .

* بۆماوەی ( ٨) رۆژ لە هەر رۆژێکدا جارێك ١٢ دانەی بە گەڵا دەمارەوە ورد بکرێت و لە نێو (٨) لیتر ئاودا بکولێندرێت، دواتر ئاوەکەی بکرێتە نێو تەشتێکەوە و دوای ساردبوونەوەی ماوەیەك تێیدا دابنیشی بۆ چارەسەرکردنی مایەسیری بە سوودە .

* ئەگەر ئاوەکەی بەسەر پێستی جەستەدا بکرێت خورشت چارە سەر دەکات .

* ئەگەر لە نێو ئاودا بکولێندرێت و دواتر بەماوەی (٢٤) کاتژمێر لە نێو سرکەدا بمێنێتەوە، دواتر دەربهێندرێت و بکرێتە هەتوان (مەرهەم ) هەموو رۆژێك ئەو کارە دووبارە بکرێتەوە ئازاری پشت و پەنجەگەورەی پێ چارەسەر دەکات .

---

# تۆرکەی مەخموور بەرزاییەکەی گەیشتە دوو مەتر



تۆرکە (تۆڵەگە) ئەو گیا خۆڕسکەی لە دەشت و دێهاتەکاندا بە شێوەی (پنج) دەروێت، ئەوەی جێگەی سەرسورمانە، لەنێو باخچەی دەرەوەی ماڵێك لە گەڕەکی کوردستان لەمەخموور، هەروەك لە وێنەکەدا دەردەکەوێت تۆرکە بەبەرزایی زیاتر لە دوو مەتر رواوە، خاوەن باخچەکە رایگەیاند کە خۆیان تۆوی تۆرکەکەیان رواندووەو تۆیەکەشی لە جۆری فەرەنسی یە، نەخشە لە بالآی تووری قەسرانیش بێت .

**ئا: سەدرەدین قەراجی**

---

# دوو ماڵپەڕی کوردیی تایبەت بە مەخموور لە ئینتەرنێت کرایەوە

بەمەبەستی خزمەت گەیاندن بە دەڤەری قەرەچووغ لەرووی راگەیاندنەوەو گەیاندنی دەنگی مەخموورو قەراج و کەندێناوەو گوێڕ بە هەموو جیهان هەردوو ماڵپەڕی "قەرەچووغ" و "سەنتەری رۆشنبیری و هونەری قەرەچووغ " لە رووی بلاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و چالآکییە رۆشنبیری و هونەرییەکانی دەڤەرەکە کەوتوونەتە کارکردن و هەواداران و بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت دەتوانن لە رێگەی ئەم ناونیشانانەوە سوود لە هەواڵ و زانیارییەکانی دەڤەرەکە وەربگرن :

١– www.qerechux.kurdblogger.com ئەم ماڵپەرە لەلایەن رۆژنامەنووس"پەروەرپالآنی"یەوە بەڕێوە دەچێت.

٢– www.azadiqerechux.kurdblogger.com ئەم ماڵپەرەش تایبەتە بە" سەنتەری رۆشنبیری و هونەری قەرەچووغ " و چالآکییەکانی سەنتەرو هەواڵ و چالآکییە رۆشنبیری و هونەرییەکانی دەڤەرەکە بلاو دەکاتەوەو لەلایەن هونەرمەندو رۆژنامەنووس " جەمیل سنجاوی " بەڕێوە دەچێت .

---

# دوو یاریزانی مەخموور بەشداری لە خولێکی تۆپی پێ لە سوید دەکەن

بۆ بەشداریکردن لە خولێکی تۆپی پێ ی قوتابخانە سەرەتاییەکان لە سوید، پارێزگای هەولێر بە(٥) یاریزان و دهۆك و سلێمانی هەریەك بە (٤) یاریزان و پارێزگای کەرکوکیش بە (٣) یاریزان بە نێوی قوتابخانە سەرەتاییەکانی کوردستان لە خولەکەدا بەشدار دەبن.

(ئازاد عەبدولرەحمان) بەرپرسی بەشی چالآکی وەرزشی و دێدەوانی پەروەردەی مەخموور رایگەیاند "ئێمە وەك مەخموور بە دوو یاریزان شانبەشانی پارێزگای هەولێر بەشدار دەبین لە خولی تۆپی پێ کە ولآتی سوید بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکانی خۆی کردوویەتییەوە" ، شایانی باسە هەردوو خوێندەڤان (محەمەد عەزین) و (ئەحمەد رەحمان) ی دانیشتووی شاری مەخموور کەبڕیارە بەشداری لەخولەکەدا بکەن ، ئێستاکە مەشق و راهێنانیان پێدەکرێت بۆ ئامادەکارییان لە خولەکەدا.



---

# (عیماد جەوهەر) ی بەهرەمەند و دوارۆژێکی گەش



(عیماد جەوهەر تەها) لەدایکبووی ساڵی ١٩٩١ ی مەخمووره، خوێندەڤانی پۆلی سێیەمی ناوەندییە لە (دواناوەندیی مەخموور)، بەهرەمەندێکی بەتوانای بواری مۆسیقایە، لە ساڵی ٢٠٠٤ لە خولێکی فێربوونی مۆسیقای (م.یوسف خالید)ی هونەرمەند بەشداری کردووە و پاشان بەهۆی مەشق و راهێنانێکی زۆرەوە خۆی پێگەیاندووە، ماوەی دوو ساڵە بەشداری فیستیڤاڵی گۆرانی و مۆسیقای چالآکی قوتابخانەکانی هەرێم دەکات، (عیماد) ی بەهرەمەند هۆی سەرکەوتنی لە بواری مۆسیقا، دەگەڕێنێتەوە بۆ هاندانی ماڵەوە و مامۆستایانی مۆسیقا و دەوروبەرەکەی، لە هەمانکاتدا عیشق و خۆشەویستی خۆی بۆ مۆسیقا بە هۆکارێکی تر دادەنێت لەم بوارەدا، هەروەها لە بارەی بەرهەمی مندالآن،(عیماد) دەخوازێت گۆرانی مندالآن زیاتر بابەتی پەروەردەیی لەخۆ بگرێت و داوا دەکات کە دوور بخرێنەوە لەو بابەتانەی کە نامۆن بە مێشك و تەمەن و بیرکردنەوەی مندالآن، ئێستاش ئەندامێکی کارای (تیپی مۆسیقای چالآکی قوتابخانەکانی مەخموور)ە، ئێمەش لە سالنامەی (ئازادیی قەرەچووغ) هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین و هیواداارین نموونەی زۆربێت، بۆ بەرەو پێشچوونی رەوشی هونەریی لە دەڤەرەکەماندا .

---


ئازادیی قەرەچووغ

بەڕێوەبەری ئەنجومەنی کارگێڕی

**جەمیل سنجاوی**

خاوەنی ئیمتیاز

**شاخەوان خالید**

سەرنوسەر

**خەلیل ئیبراهیم**

**parwarpalani@yahoo.com**

سالنامەیەکی رۆشنبیری گشتیی هەمەڕەنگە، هەرێمی قەرەچووغی YNDK ساڵانە لەیادی ئازادکردنی شاری مەخموور و دەوروبەری دەریدەکات

ناونیشان: هەولێر –مەخموور –بارەگای هەرێمی قەرچووغی YNDK

ژمارەی تەلەفۆن: ٠٦٦٢٤٠٣٤٩٦

Email: azadiqerechux@yahoo.com

نەخشەسازی نووسینگەی رۆژ